# پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان لەسەردەمی حەمە پاشای جاف (١٨٦٩-١٨٨١) لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا

د. سامان مستەفا ڕەشید
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی- سلێمانی- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

جافەکان هۆزێکی گەورە یان ڕاستتر بڵێین کۆنفیدراسیۆنیکی خێڵەکی گەورەی کوردن، بەهۆی ئەوەی بەتەواوەتی نیشتەجێ نەبوون و لە نێوان قاجار و عێراقدا گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، ئەمەش وایکردبوو، ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەریانەوە زاڵنەبێت، بۆ نمونە: باج و بەسەربازگرتن و جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەریاندا ببێتە کارێکی سەخت و پڕگرفت بۆ دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە جیا لەوەی کردەی گەرمیان و کوێستانیان و بڕینی سنوری دەوڵەتی عوسمانی و چوونەناو سنوری دەوڵەتی قاجار زۆر جار کێشەی گەورەی دیبلۆماسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتی قاجاردا دروست دەکرد. بۆیە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراق و بەتایبەتیش والی بەغدا مەدحەت پاشا بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتانە سووربوو لەسەر ئەوەی هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ تاوەکو جافەکان لە دەشتی شارەزوور و قەزای گوڵعەنبەردا نیشتەجێ بکات. لەوپێناوەدا، والی بەغداد لە ئەیلولی ١٨٦٩دا پەیماننامەیەکی دوازدە خاڵی لەگەڵ حەمە پاشای جافدا واژۆ دەکات. شرۆڤەکردنی ئەو پەیماننامە و چەندین بەڵگەنامەی دیکەی گرنگی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی عوسمانی لەبارەی نیشتەجێکردنی جافەکان لە قەزای گوڵعەنبەر دەبنە ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە هەوڵدەدات لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی بگەڕێت بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: پێگەی هۆزی جاف لەبەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی دا؟ ئامانجی پشت هەوڵەکانی مەدحەت پاشای والی بەغدا بۆ نیشتەجێکردنی جافەکان چی بوە؟

هەڵوێستی حەمە پاشای سەرۆک هۆزی جاف لەمەڕ پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان؟ ئاکام و سەرئەنجامی پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان و حەمە پاشای جاف، هۆکار و دەرئەنجام؟ ئەوانە و چەندین پرسیاری دیکەی گرنگ دەبنە تەوەری سەرکی توێژینەوەکەمان. هەوڵدەدەین بە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی چارەسەری ئەم پرسە سۆسیۆ-ئیکۆنۆمییە، ئیداری و سەربازییەی دەوڵەتی عوسمانی بکەین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *دەوڵەتی عوسمانی، مەدحەت پاشا، جافەکان، پرۆسەی نیشتەجێکردن، حەمە پاشای جاف*

---

**١. بەرایی: جافەکان و حەمە پاشای جاف**

**١.١ جافەکان**

هۆزی جاف، یەکێک بووە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی سەنجەقی سلێمانی، جافەکان هۆزێکی نیمچە کۆچەری بە نێوبانگ بوون.[1] لەبارەی ناوی جافەوە کە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە، بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، کەریم بەگی جاف باوەڕی وایە:" **جاف لە وشەی (جەفاکیش)هاتووە، لەبەرئەوەی جافەکان لە مێژووی خۆیاندا زۆر زەحمەت و دەردیسەرییان چەشتووە، پێیان گوتوون جەفاکێش، وردە وردە ئەمە گۆڕاوە بووەبە جاف.**" هەر لەم بارەیەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس پێی وابووە:" **بنەڕەتی وشەی جاف(ژاف)ە واتا بە پیتی (ژ) ئەمەش بەمانای (تەڕە)هاتووە، زانراوە جافەکان ساڵانە چوونەتە کوێستان بۆ سودوەرگرتن لە گیا و خواردەمەنی تەڕە بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان، ئەم وشەی ژافەیش بە تێپەڕبوونی کات بووەبە جاف.**" هەروەهاعەلائەدین سەجاددی، یەکێکی ترە لەو نوسەرانەی بارەی وشەی جافە بۆچوونی هەیە و پێی وابووە:" **وشەی جاف لەناوی باپیرەگەورەی هۆزەکەوە وەرگیراوە کە ناوی (جەعفەر) بووە، ئاشکرایە کورد بە جەعفەریان وتوە جافەر، کورتکراوەی ناوی جافەریش لەکوردیدا دەبێتە (جافە) لێرەوە بووە بە جاف.**" ڕەنگە نزیکترین بۆچوون لە ڕاستییەوە لەبارەی وشەی جافەوە بۆچوونەکەی مێژوونووس مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بێت، کە وشەی (**جاف**)ی گەڕاندۆتەوە بۆ ناوی هۆزی (**جاوانی**) کە هۆزێکی کوردبوون.[2]

لەبارەی ژمارەی ماڵەکانی ئەم هۆزە سەرچاوە و بەڵگەکان ژمارەی جیاواز جیاوازیان نوسیوە، دەروێش پاشا، لەکتێبەکەی "**سیاحەتنامەی حدود**" دا ژمارەی

ماڵەکانی جافی بە چوار هەزار و ســـەت ماڵ خەمڵاندووە.[3] شـــایەنی گوتنە، تەواوی ئەم ژمارانە خەمڵاندنن و بەرمەبنای سەرژمێرییەکی ورد و دروست نین.

ژمارەی ماڵ و ڕەشماڵەکانی هۆزی جاف لە دوو بەڵگەنامەی گرنگی ئەرشیفی عوســـمانییدا لە دوو کاتی جیاوازدا هاتووە، یەکەمیان ئەو لایحەیە بووە بەناوی" **جاف عشـــایری حقنده بعض معلومات و مطالعات**" کە لەلایەن فەرماندەی فیرقەی دوازدەی ســـوپای عوســـمانی (ئەدهەم پاشـــا)وە نوســـراوە و لە ٤ی کانونی یەکەمی ١٨٨٩دا لە کەرکوکەوە بۆ بابی عالی ناردوە و تێدا زانیاری زور ورد و گرنگی لەبارەی جافەکانەوە ئامادەکردووە، ناوبراو ژمارەی ماڵەکانی (جاف)ی بە (٦٠٠٠) هەزار خانە و ڕەشـــاڵ داوەتە قەڵەم.[4]

هەروەها، دەروێش پاشـــا لەکاتی ناوهێنانی فیرقەکانی هۆزی جافدا ئاماژەی بۆ ئەم بیست و پێنج فیرقەکردووە: (**شاتری**)، (**ڕۆغزادی**)، (**سەدانی**)، (**میکائیلی**)، (**نەورۆڵی**)، (**هارونی**)، (**یەزدان بەخشـــی**)، (**کەماڵەیی**)، (**عەمەڵە**)، (**نەجمەدینی**)، (**بڵباس**)، (**بەرازی**)، (**کوڵکنی**)، (**باشـــکی**)، (**مریدناســـری**)، (**شـــێخ ئیســـماعیلی**)، (**ســـوفیوەند**)، (**چگنی**)، (**تیلەکۆ**)، (**قەدەفەری**)، (**لوڕ**)، (**دوراجی**)، (**کەڵهوڕ**) و(**زەردۆیی**) .)[5] جێگەی بـــاســـــە، بەگەڕان بەناو سەرچاوەکاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ژمارەی فیرقەکانی جاف جێگیرنین و لە کاتێک بۆ کاتێکی تر و لە ســـەرچاوەیەک بۆ ســـەرچاوەیەکی تر هەســـت بە جیاوازی دەکەین.

ســـەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، دەرکەوتنی هۆزی جاف زۆر کۆن نییە، هێمای بۆ ئەوەکردووە، نە(ابن فەزللولای عومەری) لە کتێبی (مســـالک الابصـــار) و نە مەئمون بێگە بەگ لە یاداشـــتەکانییدا(٩٨٥ک- ١٥٧٧ز)، نە لە کتێبی شـــەرەفنامەی شـــەرەفخانی بەدلیســـیدا ناوی هۆزی جاف نەهاتووە.[6] ئەکرێت ئەمە بەڵگە بێت لەســـەر ئەوەی کە هۆزی جاف تاوەکو کۆتایی ســـەدەی شـــازدەهەم وەک هێزێکی کاریگەر لەناوچەکەدا بوونی نەبوبێت. یەکەمین دەرکەوتنی ڕاشـــکاوانەی ناوی هۆزی جاف لەسەرچاوەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٣٩، ڕێکەوتننامەی زەهاوی ساڵی ١٦٣٩ی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوییەکاندا هاتووە.[7]

جافەکان بەرلە هاتنیان بۆ نێو خاکی دەوڵەتی عوسـمانی و بوونیان بە هاوڵاتی عوســـمانی، لەناوچەی جوانڕۆ و زەهاو و قەســـری شـــیریندا دەژیان. لەســـەردەمی ســـوڵتانی عوســـمانی مورادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠) دا ژمارەیەک لە فیرقەکانی هۆزی گەورەی جاف هاتنە ناوچەی کوردســـتانی عوســـمانی و ســـوڵتانی نێوبراو لەوەڕگەی بۆ دابینکردن بەم

هۆیەشەوە ئەم بەشەی جافەکان لەوکاتەوە بە جافی موورادی ناسران. ئەو بەشەی جافیش کە لەقاجار مانەوە بەناوی ئەو ناوچەی لێیدەژیان ناســـران بە جافی جوانڕۆیی. هۆکاری دەرکەوتنی جافەکان لە شارەزووریش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن و هاتنی (**زاهیر بەگ**)[٨] ی ســــەرۆک هۆزی جافی کۆچەری جوانڕۆ، ناوبراو هاتووە و لەناوچەی (**بانیخێڵان**) کە دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای سیروان نیشتەجێ بووە، دواتر زاهیر بەگ دەکوژرێت.[٩]

هۆزی جاف دوای هاتنیان بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی بەشی هەرەزۆریان لە ناوچەکانی سەربە سەنجەقی سلێمانی ژیانیان بەسەربردووە، دواتر بە ناوچەکانی دەشتی شـــارەزوور، قەزاکانی گوڵعەنبەر و بازیان و ناحیەی ســـەلاحییە(**کفری**)دا بڵاودەبنەوە.[١٠] وەک پێشـــتر ئاماژەمان بۆ کرد جافەکان هۆزێکی تەواو نیشـــتەجێنەبوون، بەڵکو لە گەرمیان و کوێســـتان کردندا بەردەوامبوون، بەجۆرێک لە وەرزی زســـتاندا ڕوویاندەکردە ناوچەکانی(**شیروانە**)، (**سەی خەلیل**) و(**کوڵەجۆ**)، لەوەرزی بەهاردا ئەوێیان بەرەو دەشتی شارەزوور بەجێدەهێشت، تاوەکو هاتنی وەرزی هاوین لەوێدا بەسەریان دەبرد.[١١] بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی فەرماندەی فیرقەی دوازدە(**ئەدهەم پاشا**) لە عێراق، هۆزی جاف هەموو ساڵێک وەک نەریتی هەمیشـــەییان ڕوویانکردۆتە لەوەڕگاکانیان لەناو خاکی قاجاردا. ســـنوری ئەوە دەوڵەتەیان بەزاندووە ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی قاجار ناڕەزایەتی دەرببڕێت لەدژی ئەو ڕەفتارەی جافەکان. ئەمەش هەندێکجار بوەتەهۆی هێنانەکایەی کێشـــــەی ســـــیاســـــی بۆ هەردوو دەوڵەت.[١٢] هەرلەبەر ئەم هۆکارە و چەند هۆکارێکی تر دەوڵەتی عوســـمانی و بەتایبەت مەدحەت پاشـــای والی بەغدا تەواوی هەوڵی خۆی خســـتۆتەگەڕ بۆ نیشتەجێکردنی یەکجارەکی جافەکان لە قەزای گوڵعەنبەر.[١٣]

وەک لەپێشـــــوە ئاماژەمان بۆ کرد، هۆزی جاف لە چەندین فیرقە و تایەفە پێکهاتبوو، هەر یەک لەو تایەفانە سەرۆکی خۆی هەبوو، سەرۆکی هەموو جافیش کە لەلایەن دەوڵەتی عوســـمانییەوە بە فەرمی ناســـێنرابوو (**حەمە پاشـــا**)ی جاف بووە کە لە قەزای گوڵعەنبەر نیشتەجێبوون.[١٤]

لەبارەی سەرۆک هۆزی جافەوە، دوای کوژرانی (**زاهیر بەگ**) سەرۆکایەتی جاف دەکەوێتە دەست نەوەکانی، دوای خۆی (**قادر بەگ**)، دوای ئەویش (**سلێمان بەگ**)، بەدوای ئەویشدا (**کەیخوسرەو**)، ئینجا (**حەمە پاشا**)، دوای حەمە پاشایش (**مەحمود پاشا**).[١٥]

ماوەتەوە بڵێین، لەبەڵگەنامەکانی ئەرشـــیفی عوســـمانییدا ناوی جاف بەتوندی بە ناوی قەزای گوڵعەنبەرەوە گرێدراوە، ئەوەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت، لەلایەک دوای کردنی گوڵعەنبەر بە قەزایەکی سەربە سەنجەقی سلێمانی تاوەکو ساڵی ١٩١٨ مەگەر

بە دەگمەن، دەنا هەموو قایمقامەکانی قەزای گوڵعەنبەر لە بنەماڵەی سەرۆک و بەگزادەکانی جاف بووە، لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە لەبەرئەوە بوبێت کە قورسایی گەورەی ئەم هۆزە و تایەفەکانی لە چوارچێوەی قەزای گوڵعەنبەر و گوندەکانی سەربەو قەزایەدا ژیاون.

**٢.١. حەمە پاشای جاف**

حەمە پاشا کوڕی کەیخوسرەو بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی زاهیر بەگە، ناوبراو لە ساڵی (١٢٣٠ک-١٨١٤/١٨١٥ز) لەدایکبووە و لە ساڵی(١٢٩٩ک- ١٨٨١ز) کوژراوە.[١٦] دوای مردنی باوکی حەمە پاشا، لەساڵی (١٨٢٨/١٨٢٩)دا کە ئەوکات تەمەنی تەنها ١٦ ساڵان بووە لەلایەن سەرۆک تیرە و ڕیشسپییانی جافەوە بە سەرۆکهۆزی جاف هەڵدەبژێردرێت، حەمە پاشای جافیش ڕێچکەی باوکی دەگرێت و بەشداری لە پرۆسەی گەرمیان و کوێستانی هۆزەکەیدا دەکات. لە سەردەمی حەمە پاشادا، جافەکان دەبنە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و قورساییەکی تاڕادەیەک سیاسی، چونکە لەوسەردەمەدا جافەکان دەبنە گەورەترین هۆزی کۆچەری ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[١٧]

حەمە پاشای سەرۆکهۆزی جاف ئەگەرچی لەگەڵ مەدحەت پاشای(١٨٦٩-١٨٧٢) والی بەغدا پەیمانی نیشتەجێکردنی جافەکانی مۆرککرد و لەپایی ئەو پەیمانە پلەی (**میری میران**)ی پێدراو و کرا بە قایمقامی گوڵعەنبەر، بەلام دواجار وەک لەبەشەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، حەمە پاشا نەک هەر ئەو بەڵێنەی نەبردەسەر، بەڵکو تا ساتی کوشتنی(١٨٨١) دژی نیشتەجێکردنی جافەکان بەرەنگاری کرد.

## ٢. پاڵنەر و پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان و ئاکامەکانی(١٨٦٩-١٨٨١)

### ١.٢. پاڵنەرەکانی نیشتەجێکردنی جافەکان

مێژوونووسی بەناوبانگ عەبدولعەزیز سلێمان نەوار ئاماژەی بەوەکردوە، یەکێک لە پاڵنەرەکانی نیشتەجێکردنی جافەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرفت و ناڕەحەتییانەی جافەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانیان دروستکردووە.[١٨]

شایەنی ئاماژە بۆکردنە، هۆزی جاف و هەمەوەند هەربەوەوە نەوەستاون کە لە چوارچێوەی سەنجەقی سلێمانیدا خراپەکاری بکەن و ئەمن و ئاسایش و نەزمی حکومەتی لۆکاڵیی تێکبدەن، بەڵکو وەک لەزانیاری ناو بەڵگەنامەکاندا بۆمان

دەردەکەوێت، ئەم هۆزانە زۆر جار لە چوارچێوەی پرۆسەی گەرمیان و کوێستان کردندا سنوری دەوڵەتی عوسمانیان تێپەڕاندوە و چوونەتە قاجار، لەوێ داویانەتەسەر هەندێ لە هۆزەکانی ئەو دیوی سنور و کوشتار و تاڵان و برۆیان کردوە. ئەمەش بوەتە سەرچاوەی کێشەی سنوری نێوانیان هەردوولا، و لەئاکامدا بوەتە گرفتێکی دبلۆماسی بۆ دەوڵەت. بۆنموونە لەساڵی(١٢٨٠- ١٨٦٣ز)دا کاروانێکی هۆزی جاف لە ڕێگەی چوونیان بۆ سەقز دەدەن بەسەر لەوەڕگاکانی (ئۆتلەر) فەیزوڵلا بەگی موکری و کەسێکیان لێ دەکوژن و چوارکەسی تریش بریندار دەکەن و پەنجا سەر ئاژەڵ و ماڵ و موڵک و کەرەستەیەکی زۆرییان دەبەن و تاڵانیان دەکەن ئەمەش لە نوسراوێکی فارسی عەزیز بەگی سەرۆک هۆزی جافدا کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناردوە باسی لەوەکردوە کە تاڵانییەکان دەگێڕێتەوە و کێشەکەیش بە گوێرەی عورفی عەشایەری چارەسەردەکات.[19] دیارە هەرچۆن بووە ئەمە نەکراوە. لە نوسراوێکی والی بەغداد مەدحەت پاشا کە ژمارە(٨) لە ٥ی محەرەمی ١٢٨٧- ٧ی نیسانی ١٨٧٠ بۆ حکومەتی ناردوە بەوردی باسی لەم کێشە کردوە، کەماوەی چەند ساڵە چارەسەر نەکراوە و بوەتە کێشەیەکی سیاسی نێوان هەردوو وڵات، لە نوسراوەکەی ناوبراودا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە ئەگەرچی ئەو ڕووداوەی لە ١٨٦٣ ڕوویداوە کە هۆزی جاف لە کاتی ڕۆشتنیان بۆ دەوڵەتی قاجار هەڵیانکوتاوەتەسەر هۆزی موکری دوو کەسیان کۆشتوە و پەنجا سەر ئاژەڵیان لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر کەلوپەلیان بەتاڵان بردوە. ئەگەرچی فەرمان دەرچووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە، لەساڵی دواتر ١٨٦٤ دیارە هۆزی جاف لەوەرزی هاویندا چوون بۆ کوێستان (یایلاق) هۆزی موکری بە سەرۆکایەتی فەیزوڵڵا بەگ هەڵدەکوتنەسەر هۆزی جاف و دوو کەسیان لێدەکوژن و چوارکەس بریندار‌دەکەن و پەنجاسەر ئاژەڵ و پارەوپولێکی زۆریان بە تاڵانی دەبەن. لەو کاتەدا (**قادر بەگ**) لە سەفەر دەبێت، لە ڕێگەی سەرداری کول (**ڕەحمەتوڵڵا بەگ**) داوا دەکرێت، ئەم کێشە چارەسەر بکرێت و کەلوپەل و تاڵانییەکان بگەڕێنرێتەوە و کێشەکەیش بە گوێرەی عورفی عەشایەری ئاشتەوایی بکرێت، دیارە ئەم هەوڵەش ئەنجامێکی نەبوەو ئەو مۆڵەتەی دانراوە تەواو بوە، بۆیە ئەو خەڵکەی جاف کە کەلوپەلیان تاڵانکرابوو، شەوێک هەڵدەکوتنە سەر نەیارەکانیان و لەدەوروبەری ماڵەکانیان هەرچیان بەردەست دەکەوێت تاڵانی دەکەن و دەیبەن. دوای ئەمەش سەرۆک هۆزی موکری (**فەیزوڵڵا بەگ**) و کوڕەکانی لەگەڵ دارودەستەیەکی زۆر هەڵدەکوتنەسەر هۆزی جاف و دووبارە پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوودەدات و ١٠ کەس لە هۆزی جاف دەکوژرێت. بەمەش جافی دووجار زیان لێدەکەوێت، بۆ وەرگرتنەوەی مافییان ناچار بە پەلاماری (فەیزوڵڵا بەگ) دەبن و

نامەیەکی فارسیش بۆ (**تەقییەدین پاشا**)ی والی شارەزوور دەنووسن و ڕای دەگەیەنن ئەگەر خۆیان هەستن بەوەرگرتنەوەی مافەکانیان دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕێکی گەورە بۆ ئەوەی ڕێگە لەمە بگیرێت داوا دەکەن لەڕێگەی دەوڵەتەوە ئەوکارە بکرێت.[٢٠] وەک دەردەکەوێت ئەمە بوەتە کێشەیەکی دبلۆماسی نێوان دوو دەوڵەت. لە١٣ی نیسانی ١٨٧٢دا مەدحەت پاشا لەنوسراوێکیدا کە بۆ پایتەختی ناردووە، ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، لە ڕێگەی تەلەگرافێکەوە کە لەسلێمانییەوە پێیگەیشتوە، هەواڵی پێدراو کە پێکدادن لە نێوان قاجارییەکان و هەمەوەندەکاندا ڕوویداوە و سێ چوار کەس کوژراون.[٢١]

لە کۆتاییدا دەوڵەتی عوسمانی بۆچارەسەرکردنی ئاژاوە و پەلامار و تالانی و نائارامی سەنجەقی سلێمانی و سەرسنوری قاجار بیری لە نیشتەجێکردنی هۆزە کۆچەرییەکانی سەنجەقی سلێمانی وەکو جاف و هەمەوەند کردوە. هەڵبەت ئەمە تەنها هۆکار نەبوو، بەڵکو لەپاڵ هۆکاری ئەمنی و ئاسایشی ناوچەکەدا چەندین پاڵنەری دیکە هەبوون، وایان لە دەوڵەتی عوسمانی کردوە بیر لەم پرۆژە بکاتەوە لەوانەش دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم هۆکارانە بکرێت: بەهێزکردنی هەژموونی دەوڵەت لەناوچەی هۆزەکان، ڕێکخستن و زیادکردنی باجی سەر کشتوکاڵ و ئاژەڵ و لە ئاکامیشدا زیادبوونی داهاتی گشتی و ئاسانکردنی پرۆسەی سەربازگرتنی هۆزەکان، سەرەڕای هەموو ئەمانەش وەک نوسەرێک ئاماژەی پێکردوە پرۆسەی نیشتەجێکردنی کۆچەرەکانی جاف هەڵگری بایەخی سۆسیۆپۆلەتیک بووە بۆ دەوڵەتی عوسمانی.[٢٢]

### ٢.٢. پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان

لەسەر بنەمای ئەو پاڵنەرو ئامانجانەی باسکران دەوڵەتی عوسمانی دەستی کرد بە پرۆژەی نیشتەجێکردنی هۆز و هۆزە کوردییەکان بەتایبەت: جاف و هەمەوەند، بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا بە یاسایی زەوی وزاریی ١٨٥٨ ژێرخانی یاسایی ئەو سیاسەتەی دارشت. پێشتر بەکارهێنانی زەوی و زار بە گروپێکی دیاریکراوی ئاغەوات یان خێزانێک دەدرا. بەڵام بە گوێرەی ئەم یاسایە، دەکرێت بگوترێت بەکارهێنانی زەوی وزار بە تاکەکەسی کراوە، ماددەی هەشتی یاساکە بەتەواوی تایبەت کراوە بەم بابەتەوە، بەگوێرەی ئەو ماددەیە، چیتر هەموو زەوی گوند یاخود شارۆچەکەیەک نادرێت بە تاکە کەسێک یان خێزانێک. ویسترا زەوییەکان بەسەر تاک تاکی خەڵک بەجیا دابەشبکرێت، ئامانج لەم کارەش هەم زیادکردنی ئابوری پشت بەستوو بە زەوی (تۆپراک) و هەمیش هەڵوەشاندنەوەی بونیادی عەشایەری و دامەزراندنی ئۆتۆریتەی دەوڵەت بوو. ئەگەرچی ئەمە

ســـەرەتـای پرۆژەی نیشـــتەجێکردن بوو، بەڵام یەکەمین هەنگـاوی جـدی لەمەڕ نیشـتەجێکردنی هۆزەکان لەلایەن بیرۆکراتی ڕیفۆرمخوازی سـەردەمەکە والی بەغداد مەدحەت پاشاوە نراوە.[٢٣]

مەدحەت پـاشـــا بەئـامـانجی ڕزگـارکردنی هۆزی جـاف لە دۆخی کۆچەری، گەیاندنیان بە دۆخی مەدەنییەت و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی(لۆکاڵی) و بوونی هەموو کەس بەخاوەنی موڵک و ماڵی خۆی لەسـاڵی ١٨٦٩دا سـەرۆکی هۆزی جاف حەمە پاشـا کە ئەوکـات پلەی (**قـاپوچی بـاشـــی**[٢٤] ) هەبوو بـانگـدەکـاتە بەغـداد و پلەی (**میری میران)**ی پێدەدات و دەیکات بە قایمقامی گوڵعەنبەر، زەوی و زاری پڕ لەسـەرچاوەی ئاو و باراناو بە شیوەی تاپۆ دەدات بە حەمە پاشا، بە مەرجی ئەوەی پەیمان بدات لەماوەی شەش مانگدا هەموو هۆزەکەی نیشتەجێ بکات. حەمە پاشا لەم بارەیەوە سەنەدی پەیماننامەی داوە بە دەوڵەت و والی ناوبراویش بۆ نیشـــاندانی نیازپاکی خۆی لەم بارەیەوە ســـەرۆک هۆزی جـاف بە مووچەی پێنج هەزار قروش بە قـایمقـامی گوڵعەنبەر دادەمەزرێنێـت.[٢٥] مەدحەت پاشـا لە نوسـراوێکی دا بە ژمارەی(٤) کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردوە لە بەرواری ٢٢ی ئەیلولی ١٨٦٩دا تێیدا وێڕای ناردن و هاوپێچکردنی پەیماننامە دوازدە خاڵییەکەی لەگەڵ حەمە پاشـــا، ئاماژەی بۆ هەندێ خاڵی گرنگ کردوە، لەوانە زۆربەی هۆزەکانی ســەنجەقی ســلێمانی وەک عادەتی دێرینەیان هاوینان بۆ ئیدارەدانی ئاژەڵەکانیان دەچنە ئەو لەوەڕگایانەی دەکەونە ناو خاکی قاجارەوە و زستان دەگەڕێنەو، زانراوە کە لەماوەی ئەو چوون و هاتنەوەو نیشتەجێبوونیان لەو ماوەیەدا توشی پێکدادن دەبن و هەم خۆیان و هەمیش نیشـــتەجێکانی خاکی قاجار توشـــی  زەرەر و زیانێکی زۆر دەکەن. بەجۆرێک خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئەم عەشـــاییرانە هۆزی جافە کە لەلایەن بابی عالییەوە پلەی (قاپوچی باشـی) حەمە پاشـا سـەرۆکیانە. بەنێر و مێ ژمارەیان نزیکە (٤٠)هەزار کەس دەبێـت. والی نـاوبراو ئـامـاژەی بۆ ئەوە کردوە بۆ ڕزگـاربوون لەو دۆخە و بە ئومێـدی نیشـــتەجێکردنیان، شـــێخ عەلی بەڕێوەبەری گوڵعەنبەر کە بەهۆی تێکچوونی نێوانی لەگەڵ هەندێ عەشائیری ناوچەکەدا بەباشزانراوە لاببرێت و تائێستە کەس لەجێگەی دانەنراوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە دەشـــتی شـــارەزوور کە بەشـــێک بوە لە قەزای گوڵعەنبەر و هەوارگەی جـافەکـان بووە، لە کـاتی گەڕانەوەیـان لە دەوڵەتی قـاجـار، زەوییەچۆڵەکانی پارچە پارچە بکرێت و بە شـــێوەی تاپۆ بدرێت بە تاکەکانی جاف و ناوچە چۆڵەکان ئاوەدانبکرێتەوە و بینا و باخ و باخاتی تێدا دروســـت بکرێت. هەروەها ئاماژەشـــی بۆ ئەوەکردوە حەمە پاشـــا بکرێتە قایمقامی گوڵعەنبەر و هێماشـــی بۆئەوە کردوە لەم بارەیەوە پەیماننامەیەکی مۆرکردوە.[٢٦]

وەک بەدیاردەکەوێت، لەبەشـــی خوارەوەی پەیماننامەکە بەرواری ١٣ی ئەیلولی ١٨٦٩ی لەســـەرەو پەیمـاننـامەکە لە دوازدە مـاددە پێکهـاتووە: مـاددەی یەکەمی پەیماننامەکە تایبەت بوو بە ڕێکخستنی کارگێڕییەوە، سەرەتا لەگەڵ ناحیەی قزلجە ناحیەکانی شـاربـاژێر، شـیوەکەڵ، سـەراو و ناحیەی بەرکێو هەموو لە قایمقامییەتێکدا یەکبخرێـت و هەتـا نـاحیەی قزلجەش بخرێتەســـەر قەزای گوڵعەنبەر بەهۆی زیـاتر گونجاوی شـــوێنی جوگرافی گوڵعەنبەرەوە، وەک لە بەندی دووەم و ســـێیەمدا هاتوە ناحیەی ناوبراو ئاوەدان بکرێتەوە. ماددەی دووەم ئەوانەی لە ناحییەی قزلجە چ پێشتر و چ دواتر ڕۆشـــتوونەتە خاکی قاجارەوە هەموویان دەهێنرێنەوە و نیشـــتەجێ دەکرێن ئەو گونـدانەیش کە خـاپوربوون ئـاوەدان دەکرێنەوە. مـاددەی ســـێیەم دوای هێنـانەوەی خەڵکەکە ونیشتەجێکردنیان بەگوێرەی توانا هەموو زەوی و زارەکانی ناحیەی ناوبراو ئاوەدان دەکرێتەوە بەهیچ شیێوەیەک هیچ جێگەیەک بە چۆڵی بەجێناهێڵرێت، لەبارەی پرسی ئاوەدانکردنەوە و بیناکردنی شوێنە خاپورکراوەکان بەگوێرەی ئەو ڕاسپاردانەی لەلایەن ویلایەتەوە نێردراون وبڵاوکراونەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ماددەی چوارەم هەموو ئەو خەڵکانەی موتەسـەریفی سلێمانی و شـارەزوور و قایمقامیەتی سـەلاحییە کە ماڵیان گواســـتۆتەوە بۆ قاجار لە نێویشـــیان شـــێخ (**محەمەد عارف**) و هاوشـــێوەکانی دەهێنرێنەوە بۆ زێدی دێرینەی خۆیـان و هەوڵی نیشـــتەجێکردنیـان دەدرێت و وازیـان لێنـاهێنرێـت و جێنـاهێڵرێن بۆ قـاجـار. مـاددەی پێنجەم میری نـاوبراو و خزم و دەسـتوپێوەندەکەی هەموو بینا و ماڵ و باخ و باخچە دروسـت بکەن نیشـتەجێبن، واز لە گەرمیان و کوێســـتان بهێنن و حەمە پاشـــا بەردەوام ســـەرقاڵی بەڕێوەبردنی کاروباری قایمقامییەت ببێت. ماددەی شـەشـەم دەشـتی شـارەزوور سـەرچاوە ئاوییەکانی بەگوێرەی نیزامنـامەی تـاپۆ دەدرێت بە میری هۆزی جـاف و خەڵکەکەی، ئەو زەوی و زارانەی کە چۆڵن و کشـــتوکاڵیان تێدا نەکراوە، ئاوەدان دەکرێنەوە بۆ نیشـــتەجێکردنی هۆزی ناوبراو لەو بارەیەوە هەموو هەوڵ ویارمەتییەکیـان دەدرێت. ماددەی حەوتەم هۆزی نـاوبراو ئەگەر بۆ لەوەڕانـدنی ئـاژەڵەکـانیـان نـاچـاربوون بۆ مـاوەی ســـێ مـانـگ بچنە زۆزان (کوێســـتـان) ئەوە ڕیگریـان لێ نـاکرێت، کە بەســـەرۆکـایەتی کوڕی میری نـاوبراو (**مەحمود بەگ**) ماوەی دوو بۆ سێ مانگ بچنە زۆزان زسـتانیش بچنە سـەلاحییە. ماددەی هەشـتـەم لەهیچ هەلومەرجێکدا ڕێگە نەدرێت بە هەمەوەندی نیشـتەجێی خاکی قاجار بێنە (**سـەلاحیە، کەرکوک و سـلێمانی**) زیان بدەن لەو ناوچانە و ئاژاوە دروسـت بکەن، ئەوانە لە هەرکوێ بن بگیرێن و ڕادەستی دەوڵەت بکرێن. ماددەی نۆیەم ئەگەر تاوەکو ئەمڕۆ جاف هەشت کەسیان بۆ سەربازی داوە بە دەوڵەت لێرە بەدوا وەک زیادەیەک بیست

و هەشت کەسی دیکەی بۆ زیاد بکرێت واتا بە شێوەی بڕاوە سی کەس بەنیزام دەدرێت. ماددەی دەهەم بۆ زیادکردنی پلەو پایە و ئیعتیبار پلەی (**میری میران**) دەدرێت بە حەمە پاشای سەرۆکی جاف و کوڕەکەیشی مەحمود پاشا پلەی (**قاپوچی باشی**) پێدەدرێت. ماددەی یازدەهەم بەگوێرەی پێویستی بەڕێوەبردنی ویلایەت بە شێوازی نوێ میری ناوبراو گەر شارەزایی و لێوەشاوەی خۆی نیشاندا کەسێکی شارەزا و لێزان لە بواری کارگێڕی ویلایەت دەکرێت بە یاریدەدەری واتا حکومەت بە هەڵبژاردن یاریدەدەرێکی بۆ دادەنێت. هەرچی (**حەمە پاشا**)یشە بە مووچەی پێنج هەزار قروش پێدەدرێت و بایەخ بە جێبەجێکردنی پیت بە پیتی نیزامنامەی ویلایەت دەدرێت. ماددەی دوازدەهەم لەشوێنی خودی گوڵعەنبەردا، هەرکاتێک شێوەی شارۆچکەیەکی لەخۆگرت بە تێپەڕبوونی کات، بەهۆی ئەوەی خەڵکەکە پەرشوبڵاون، لەگەڵ خەڵکەکەی بایەخ بەئاوەدانکردنەوەی دەدرێت.[27] وەک لەماددەکانی پەیماننامەکەدا دەردەکەوێت ئەو ئیمتیازاتانە (جیاووگ) لەبەرامبەر ئەوەدا درابوو بە حەمە پاشای جاف کە ئیدی وەک پێشوو سنور نەبەزێنن و ئاسانکاری تەواو بکات بۆ پرۆژەی نیشتەجێکردن، بەهۆی دروستبوونی ئاڵۆزی لە ناوچەکە بڕیاردەدرێت کە پرۆسەی نیشتەجێبوون بۆ ساڵی داهاتوو هەڵپەسێردرێت، بەڵام دەرکەوت ساڵی داهاتووش پاشای ناوبراو کارناکات بۆ نیشتەجێکردنی هۆزەکەی، ئەگەرچی والی ناوبرا نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی سەرکۆنەکردنی بۆ ناردوە، بەڵام پاشای ناوبراو بەبیانووی بێ بنەما وەڵامی والی ناوبراوی داتەوە و درێژەی بەکات کوشتن داوە، ئەوەبوو والی مەدحەت پاشا فەرمانێکی بۆ ناردوە ئەگەر بەندەکانی پەیماننامەکە بۆ نیشتەجێکردن جێبەجێنەکات ئەوا پلەکەی لێدەسەنرێتەوە و لە پۆستی قایمقامی لادەدرێت، ئەگەرچی حەمە پاشا گوێی بەم فەرمانەش نەداوە بەڵام لە چانسی حەمە پاشا، لە ساڵی ١٨٧٢دا مەدحەت پاشا لە پۆستی والییەتی بەغدا لادراوە و لە جێگەی ڕەوف پاشا دانراوە، بەم هۆیەوە ئەو فەرمانە جێبەجێنەکراو، دۆخەکە بەو جۆرە مایەوە. کەواتە بەهۆ بەجێنەگەیاندنی بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانیان لەمەڕ پرۆسەی نیشتەجێکردن لەلایەن سەرۆکی جافەکانەوە و لەهەمانکاتدا گۆڕینی والی بەغدا کە لایەنی یەکەمی جێبەجێکردنی پرۆسەکە بوو ماددەکانی پەیماننامەکە وەک خۆی جێبەجێنەکرا.[28] بەم جۆرە هەوڵی مەدحەت پاشا بۆ ڕزگارکرنی جافەکان لە دۆخی بەدەوییەت و هێنانیان بۆ ناو بازنەی مەدەنییەت بە میکانیزمی نیشتەجێکردن ئەنجامی خواستراوی بەدینەهێنا.

پرسی نیشتەجێکردنی جافەکان جارێکی تر و لەساڵی ١٨٧٣ دەبێتەوە بابەتی گەرمی نێو نوسراوەکانی ویلایەتی بەغدا و ئەستەموڵ، بە جۆرێک لە تەلەگرافێکدا

له ١٥ی شـــوباتی هەمان ســـاڵدا له بەغداوه بۆ ناوەند نێردراوه، تێیدا باس له چەند بابەتێکی گرنگ کراوه، لەوانه: لەکاتی چوونی سەرانی جاف بۆ بەغداد و لەئەنجامی گفتوگۆ ئەوەیان ڕوونکردۆتەوه، ئەگەرچی ســـاڵی پار بەهۆی نەچوون بۆ زۆزان بۆ ناو خاکی قاجار بەشـــێکی زۆری ئاژەڵەکانیان لەناوچوون، بەڵام بۆئەوەی پارێزگاری لەو بەڵێنانه بکەن که به دەوڵەتیان داوه و بۆ ئەوەی ڕاســـتگۆیی خۆیان وەک هاوڵاتی ڕاســـتەقینەی دەوڵەت بســـەلمێنن، هەر لەســـنوری گەرمیان و کوێســـتانی ســـلێمانی و سەلاحییەدا ماونەتەوه. باسییان لەوه کردوه ئامادەن وەکو پێشـووتریش بەبێ زیادکردن ســـاڵانه هەموو بەرپرســـیارێتییەکان به بڕی دیاری کراوی ســـەرباز و باج ...هتد بدەن به دەوڵەت، ئاماژەش بەوەکراوه که ئەوجافانەی که لەقاجاریش ماونەتەوه هانبدرێن ڕێگەیان پێبدرێت بگەڕێنەوه ناوچەکانی خۆیان، لەمەشدا لەسەر حەقبوون، ئەو جافانەی له قاجار له هەموو تێچوویەک ببەخشـــرێن و کاربکرێت بۆئەوەی ناوچەی زەهاویان پێ ئاوەدانبکرێتەوه، ئەمه بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی هۆزێکی وەها گەورەی بەیەکجاری بمێننەوه له ناوچەکه و ببنه خاوەن زەوی و کێڵگه خەریکی کشـــتوکاڵ بن و ســـودێکی زۆری دەبێت و دەبێته هۆی بەیەکجاری بەرتەرەفکردنی ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ قاجاردا. لەکۆتایشـــدا ئاماژەیان بۆ ئەوه کردووه ئارەزووی ویلایەت ئەوەیه که خانوو و ماڵ دروست بکەن و بەوشیوەیش گوند دروست ببێت و ئەوانەی چوونەته دەوڵەتی قاجار بگەڕێنەوه و بکرێن بەبەشـــێک لەو پرۆســـەی ئاوەدانکردنەوه ورده ورده له میرەکانیان ڕزگاردەبن و دوای نیشـــتەجێبوون و بینینی عەدالەتی دەوڵەت ئیدی ئارەزووی ڕۆشتن بۆ خاکی قاجاریش لەسەریاندا نامێنێت.[٢٩]

وەک دەردەکەوێت وێڕای هەوڵ وتێکۆشـــان و پێدانی چەندین دەســـکەوت وئیمتیاز بەسەرانی جاف، بەڵام پرۆسەی نیشتەجێکردنی هۆزی گەورەی جاف کارێکی ســوک وئاســان نەبوو بۆ دەوڵەتی عوســمانی، چونکه ســەرانی جاف خاوەن بۆچونێکی نێگەتیف بوون بەرامبەر پرۆســەکه و لەگەڵیدا نەبوون و حەمه پاشــا دەبوه ئاســتەنگ لەبەردەم پرۆسەکەدا، هەتا حەمه پاشا لەترسی سزادانی لەبەر ئەو هەڵوێست و بۆچوونەی دژی نیشـتەجێکردن هەی بوو پەڕیوەتەوه بۆ ناوچەی کرمانشـاه له قاجار، ئەگەرچی بەم هۆیەوه بەگوێرەی نوســـراوێکی وەزارەتی دەرەوەی بۆ ویلایەتی بەغدا نێردراوه داواکراوه لەئێستەدا (١٢٨٩- ١٨٧٣) لەلایەن دەزگا میرییەکانەوه دەست بگیرێت بەسـەر مولک و ماڵەکانیدا و فەرمانی پێدانی پلەکەشـــی لێوەربگیریتەوه، بەهۆی ئەوەی پەڕیوەتەوه قاجار ئەو وڵاتەی لێ ئاگادار بکرێتەوه و تاوەرگرتنی ئەنجامێک لەو بارەیەوه، فەرمانی پێدانی پلەو پایه و بەرپرســـیارێتێ به کوڕه گەورەکەیشـــی مەحمود له ئێســـتەدا

بەباشــــدەزانرێت دوا بخرێت.[٣٠] بەڵام بەهۆی ئەوەی دەســـەڵاتدارانی دەوڵەت درکیان بەوەکردبوو کە بەبێ بەگی ناوبراو نیشـــتەجێکردنی هۆزێکی وەها گەورە ئاســـان نابێت، لە بڕیاری لێخۆشبوونەکەیدا هاتوە کە سەرۆک هۆزی جاف کە بەرلە سێ چوار ســـاڵ لەگەڵ زۆرینەی بەگزادەکان و دوو ســـێ هەزارماڵەوە چووبووە قاجار و لەوێ نیشـــتەجێبوو، ئەمجارە پەشـــیمانی نیشـــانداوە و داوای گەڕانەوەی کردووە، بۆیە لێخۆشـــبوونی باڵا گرتوویەتییەوە، ئەمە لەکاتێکدایە هۆزەکەی ئەو بڕە دیاریکراوەی لە باج و زەکات و ئاژەڵ و نەفەریان داوە بەدەوڵەت، هۆزێکی وەها گەورە ئەگەربێت و جێگیربکرێن و نیشـــتەجێ بکرێن ئەوا دەبێتەهۆی زیاتر ســـوودگەیاندن بە خەزێنەی دەوڵەت، ئاشـکرایە کە حەمە پاشا بەتەمەنترین و گوێلێگیراوترین و بەدەسەڵاتترینی نـاو میرەکـانی جـافە.[٣١] بۆیە ســـەرەڕای هەموو ئەو ڕووداوانی ڕوویـانـداوە، لە پێنـاو جێبەجێکردنی پرۆسەی نیشتەجێکردن (بۆ هێنانە ناوبازنەی مەدەنییەت) حەمە پاشایان عەفووکرد و کردیانەوە بە قایمقام. لەگەڵ هەموو ئەمانەشـدا ناوبراو لەســەر بۆچوونی دژایەتیکردنی نیشـــتەجێکردن بەردەوامبوو، هەتا فشـــاری دەخســـتەســـەر ئەوانەی ناو هۆزەکەی کە حەزیان بە نیشـــتەجێکردن بوە و ئەو باجەشـــی کە کۆیان کردۆتەوە خســـتویەتییە بن دەســـتی خۆی [٣٢] هەر لەهەمان بەڵگەدا باس لەوەکراوە بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە لەوناوچانەوە نێردراوە باسـی لەوە کردوە ئەم جۆرە ڕەفتارانەی پاشـا بوەتە هۆی کوشتنی، هەتا هەندێ لەسەرانی گەورە هۆز بە ئاشـکرا باسییان لەوەکردوە کە هۆکاری کوشـــتنی پاشـــا بەهۆی بیزارکردن و زۆرکردنی بووە لەوانەی حەزیان بە نیشـــتەجیبوون بووە. [٣٣] مەحمود پاشـــا کەدوای کوشـــتنی باوکی بوو بە قایمقامی گوڵعەنبەر، بۆچوونی لەبارەی نیشـتەجێکردنەوە بەهەمان شـێوەی باوکی بوو، هۆکاری ســەرەکی ئەم بەرهەڵســتییەی بەگەکانی جاف دژی نیشـتەجێکردن بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە دەترسان دوای نیشتەجێبوون کۆنترۆڵیان بەسەر هۆزەکەیاندا لەدەست بدەن.

**٣.٢. ئاکامی پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان و کۆشتنی حەمەپاشای جاف**

ئەگەرچی پرۆژەی نیشـــتەجێکردنی جافەکـان، پرۆژەیەکی جدی مەدحەت پاشـــای والی بەغدا بوو، هەوڵیداوە هەرچۆنێک بێت جافەکان نیشـــتەجێ بکات، بەڵام دژایەتی ســـەرۆکی جاف بۆ ئەو پرۆژە بەڕادەیەک بووە، حەمە پاشـا بەڕوون وڕاشـــکاویی ڕایگەیاندبوو ئەو نایەوێت جافەکان نیشـتەجێ بکرێن، بە عومەر پاشـای ڕاگەیاندووە:" **ئیشـــتە ئێمە وەک بازێکی ســـەربەســـتین، کوێمان بوێت لەوێ ئەنیشـــینەوە، بەموڵکی خۆمانی دەزانین...**"[٣٤] دژایەتی توندی حەمە پاشـا لەلایەک، لادانی مەدحەت پاشـای والی بەغداد لەلایەکی دی، دەکرێت دووان لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی بە ئاکام نەگەیشتنی

پرۆژەی نیشـــتەجێکردنی جافەکان بێت. هەڵبەت لەپاڵ ئەم دوو هۆکارە، هۆکاری دیکەیش هەبوون لەوانە: ئاڵۆزی و سـەختی پرۆژەی نیشـتەجێبوونەکە، سـەختی ئاو و هەوایی شـــارەزوور و گوڵعەنبەر لە وەرزی هاویندا و نەگونجانی بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن، سـەختی دۆخی ئاو وهەوا و ترسـی لەناوچوونی ئاژەڵ و پاتاڵەکان وا لە ژمارەیەک لە سـەرۆک فیرقەکانی جاف دەکات، هەم خۆیان داواکارینامەیەک بنووسـن و تێیدا سـکاڵای دۆخی خراپی ئاژەڵ و ماڵاتەکانیان بەهۆی خراپی ئاو و هەوای وەرزی هاوینەوە بکەن و تێیدا داوا بکەن کە ڕێگەیان پێبدرێت ئاژەڵ و ماڵاتەکانیان ببەنە کوێستان...[٣٥] سەختی دۆخەکە بەڕادەیەک دەبێت، ژمارەیەک لە جافەکان پەنا ببەن بۆ سەید عەبدولڕەحیمی تاوگۆزی (مەولەوی) کەسایەتی و شاعیری ناودار و خاوەن پێگە لای حاکمی سنە، سکاڵای دۆخی خراپی خۆیانی لابکەن و ناوبراو لەسەر داوای ئەوان نوسراوێک بکات بۆ حاکمی سنە و تێیدا ئاماژەی بەوەکردوە دەرد و سکاڵای سەت هەزار گیانەوەری ناتق و غێر ناتقەوە (واتە مرۆڤ و ئاژەڵ) داوا دەکات بۆ ئەوە بەهۆی گەرما و ژەهری شارەزوور لەوەرزی هاویندا، نەمرن و لەناونەچن، ڕێگەیان بدرێت سنوری ئیران ببڕن و بچنە لەوەڕگاکانی ئەوێ.[٣٦]

بەوشـیوەیە، و لە ئاکامی ئەو فاکتەرانەی باسـکران، پرۆژەی نیشـتەجێکردن لەسـەردەمی حەمە پاشـا (١٨٦٩-١٨٨١)دا سـەرەڕای خواسـتی دەوڵەتی عوسـمانی و مەیلی هەندێ فیرقەی جاف بۆ نیشتەجێکردن، بەئاکام نەگەیشت و سەری نەگرت.

**ئەنجام**

- جاف، یان جافەکان نەک تەنیا پێکهێنەری سـەرەکی بونیادی کۆمەڵایەتی قەزای گوڵعەنبەربوون، بەڵکو لە قەزای گوڵعەنبەر بەتایبەت و سـەنجەقی سلێمانی بەگشتی، خاوەن هێز و قورساییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سەربازی و ئابوری بوون ، ئەوەش وایکردبوو، نیشـتەجێکردنی جافەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕەهەندی ئەمنی و سەربازی و سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیش وەربگرێت.
- مەدحەت پاشـای والی بەغدا، لە درێژەی پرۆژە چاکسـازییەکانیدا، زۆر بەجدی کاری لەسـەر نیشـتەجێکردنی جافەکان کرد، هەموو هەوڵێکی خۆی لەو پێناوەدا خسـتبووەگەڕ و هەتا سـڵیشـی لەوەنکردۆتەوە کە پەیماننامەیەکی دوازدە خـاڵی لەگەڵ حەمە پـاشـای جـاف دا ببەسـتێـت و لە بەرامبەر

ئاسـانکاریکردن بۆ نیشـتەجێکردنی جافەکان چەندین ئیمتیازیش بدات بە حەمە پاشای سەرۆکی هۆزی جافەکان.

- مەدحەت پاشـای والی بەغداد لەبەرامبەر ئاسـانکاریکردن و ڕێگەدان بە نیشـتەجێکردنی جافەکان، هەم پلەی (**میری میران**)ی داوە بە حەمە پاشـا، هەمیش پۆستی قایمقامییەتی گوڵعەنبەر، بەڵام وەک بە دیارکەوت، حەمە پاشا خۆی زۆر لەوە گەورەتر زانیووە لە ناوچەیەکی وەک قەزای گوڵعەنبەردا قەتیس بێت، هەمیش تموح و نیازی حەمە پاشا زۆر لە گوڵعەنبەر و شارەزوور فراوانتربووە، وەک خۆی گوتبووی ئەوان نەک گوڵعەنبەر و شـارەزوور، بەڵکو بەهەرکوێدا تێپەڕن بەموڵکی خۆیـانی دەزانن، واتـا هەرلە گوڵعەنبەرەوە بۆ سـەلاحیە و قزڵرەبات و لەوێشـەوە بۆ زەهاو تا ناو خاکی قاجاری بە قەڵەمڕەی خۆی دەزانی، بۆیە نیشتەجێکردنی بە دیلبوون داوەتە قەڵەم.
- لەبەرئەوە حەمە پاشـای جاف، نەک هەر لەگەڵ نیشـتەجێکردنی جافەکاندا نەبوو، بەڵکو بەتەواوی دژی ئەو پرۆسـە بووە و بەرەنگـاری بووەتەوە، چونکە حەمە پاشـا زانیوویەتی دوای نیشـتەجێبوونی جافەکان، لەلایەک بەشـێکی هەژموونیی خۆی لەسـەر فیرقەکانی جاف لەدەسـت دەدات، لەلایەکی دیکەش جوگرافیایەیەکی فراون لە گوزەرگا و لەوەڕگا لەناوچەکانی دی، کە لەژێر هەژموونی جافدا بووە، لەدەست دەدات، بۆیە تا کوشتنی ملی بۆ نیشتەجێکردنی جافەکان نەدا.

## لیستی سەرچاوکان

### بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:


BOA. HR. MKT. 803. 10. 04.

BOA. ŞD. 2150.53. 04.01.

BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

BOA. ŞD.2149. 021.03. (17.Zilhicce.1289- 15.Şubat. 1873).

BOA. İ. DH. 602. 041931. 002.01. (6 Cemazi-el-aher 1286/31 Ağustos 1285/13 Eylül 1869), Lef 3/1.

BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

BOA. İ. DH.602. 041931. 001. 001.

BOA. HR. MKT. 692. 59.

BOA. HR.MKT. 685.28.4.

BOA. HR.MKT.741. 4. 2.

BOA. HR. MKT. 685.28.6.

BOA. A-) MKT. MHM. 498. 70. 02. 01.

BOA. Y. PRK. ASK. 59. 25. 02. 01.

## سەرچاوە بە زمانی کوردی (کتێب و گۆڤار)

- تاریخ جاف، دانراوی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، پێشەکی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم ١٩٩٥.
- د. حەسەن جاف کەریم جاف و تریفە عەبدول سەلام محەمەد عەلی، حەمە پاشای سەرۆکهۆزی جاف(١٨١٤-١٨٨١)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٦، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢٣.
- د. حەسەن جاف، با وردتر لەڕووداوە مێژووییەکان بکۆڵینەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٦)، بەغداد، ١٩٨٧.
- مەلا عەبدو رەحیمی تاوگۆزی، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە ولێکۆڵینەوەی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، ٢٠١٥.
- محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی لیوای سلێمانی و وڵاتی لە دەورەی زۆر قەدیمەوە تا ئەوەڵی ئیحتیلال (١٩١٨)، چاپخانەی النجاح- بغداد ١٩٣٩.
- سەرچاوە بە زمانی عەرەبی
- ثامر عبدالحسن الامیری، موسوعة العشائر العراقیة، جزء ٦، مکتبة صفا و مروة، لندن ١٩٩٣.
- د. زرار صدیق، القبائل و الزعامات القبلیة الکردیة فی عصر الوسیط، دار الزمان- دیمشق ٢٠١٥.
- عباس العزاوی، عشائر العراق الکردیة، ٢.جلد، بغداد ١٩٥٤.
- عبدالعزیز سلیمان نوار، تاریخ العراق الحدیث فی نهایة حکم داود پاشا الی نهایة حکم مدحت پاشا، (قاهرة-١٩٦٨).
- مارک سایکس، القبائل الکردیة فی الامبراطوریة العثمانیة، ت: خلیل علی مراد، دار الزمان، سوریة ٢٠٠٧.

## سەرچاوە بە زمانی تورکی (کتێب و گۆڤار)

Derviş paşa, Hudûd-ı İraniyeye dair,matbaa-i Ahmed İhsan, istanbul 1321.

Fasih Dinç, “Medenileştirme” Aracı olarak Osmanlı’nın iskan plitikası: Caf Aşireti örneği, şerkiyat ilmi Arıştırmalar dergisi, Ağustos 2020 cilt:12 sayı:3.

RHOADS MURPHEY, KASRIŞÎRiN ANTLAŞMASI, Osmanlılar'la Safevîler arasında 1639'da imzalanan ve bugünkü Türkiye-İran doğu sınırını belirleyen antlaşma, https://islamansiklopedisi.org.tr/kasrisirin-antlasmasi, erişim tarihi 25.10.2022. saat:11.30.

پەراوێز:

---

١ مارك سايكس، القبائل الكردية فى الامبراطورية العثمانية، ت: خليل على مراد، دار الزمان، سورية ٢٠٠٧، ص ٤٠

٢ تاريخ جاف، دانراوی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، پێشەکی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم ١٩٩٥، ل ٢٠-٢٢.

3 Derviş paşa, Hudûd-ı İraniyeye dair,matbaa-i Ahmed ihsan, istanbul 1321, s. 59.

4 BOA. Y. PRK. ASK. 59. 25. 02. 01.

5 Derviş paşa, a. g. e, s. 59

٦ د. زرار صديق، القبائل و الزعامات القبلية الكردية فى عصر الوسيط، دار الزمان- ديمشق ٢٠١٥، ص ٧٤.

٧ عباس العزاوى، عشائر العراق الكردية، ٢.جلد، بغداد ١٩٥٤، ص ٢٨. .بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ڕێکەوتنامەی زەهاو ىراونە:

RHOADS MURPHEY, KASRIŞÎRiN ANTLAŞMASI, Osmanlılar'la Safevîler arasında 1639'da imzalanan ve bugünkü Türkiye-İran doğu sınırını belirleyen antlaşma, https://islamansiklopedisi.org.tr/kasrisirin-antlasmasi, erişim tarihi 25.10.2022. saat:11.30.

٩ ثامر عبدالحسن الاميرى، موسوعة العشائر العراقية، جزء ٦، مكتبة صفا و مروة، لندن ١٩٩٣، ص ١٢٥-١٢٦.

10 BOA. A-) MKT. MHM. 498. 70. 02. 01.

11 Musul Vilayeti salnamesi, sene 1310.1892. s.228.

12 BOA. Y. PRK. ASK. 59. 25. 02. 01.

١٣ بۆ تەواوی زانیاری تەواوی لەمەڕ هۆکار و چۆنییەتی و ئەنجامەکانی تەواوی هەوڵەکانی میتحەت پاشای والی بەغداد بۆ نیشتەجێکردنی یەکجاری جافەکان بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوە.

14 Musul Vilayeti salnamesi, sene 1310.1892. s.228.

١٥ ثامر عبدالحسن الاميری، المصدر السابق، ص ١٢٧ .

١٦ د . حەسەن جاف، با وردتر لەڕووداوە مێژووییەکان بکۆڵینەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٦)، بەغداد، ١٩٨٧، ل

١٧ د. حەسەن جاف کەریم جاف و تریفە عەبدول سەلام محەمەد عەلی، محەمەد پاشای سەرۆکهۆزی جاف(١٨١٤-١٨٨١)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٦، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢٣، ل ٦٧،٦١.

١٨ عبدالعزیز سليمان نوار، تاريخ العراق الحديث فی نهاية حكم داود پاشا الی نهاية حكم مدحت پاشا، (قاهرة-١٩٦٨)، ل ٧٠.

19 BOA. HR. MKT. 685.28.6.

20 BOA. HR.MKT. 685.28.4.

21 BOA. HR.MKT.741. 4. 2.

22 Fasih Dinç, “Medenileştirme” Aracı olarak Osmanlı’nın iskan plitikası: Caf Aşireti örneği, şerkiyat ilmi Arıştırmalar dergisi, Ağustos 2020 cilt:12 sayı:3, P. 415- 417

23 A.g.m.

٢٤ **قاپوچی باشی**: بە بەزاراوەی ئەمڕۆژە بە مانای سکرتێر(دەرگاوان)ی نوسینگەی پلەدارێک دێت، نازناوێکی عوسمانی بووە، کە بە سەرۆکی دەروازەوانانی کۆشک یان "سەرۆک پاسەوان" دەدرا، لە سەرەتای سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، تەنیا یەک دەرگاوانێکی سەرەکی هەبوو. بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیان زیادی کرد و لە سەدەی ١٨دا لە یەک کاتدا نزیکەی ١٥٠ سەرۆکی دەروازەوان هەبوون. سەبارەت بە ئەرکی دەرگاوانەکان، کۆنترۆڵی پاسەوانانی کۆشک، ئەرکی پاسەوانی دەرگاکان، گەیاندنی پەیام و فەرمانەکان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دیوانی هومایۆنیان لە ئەستۆدا بووە. شایەنی باسە، لە ساڵی ١٨٥١ پلەی سەرۆکی دەرگاوانەکان پێناسە کرایەوە، بەجۆرێک نازناوی سەرۆکی دەرگاوانەکان لە نێو پلەمەدەنییەکاندا جێگەی گرنگی گرتبوو تاوەکو لە ساڵی ١٩٠٨دا ئەم پلەیە هەڵوەشێنرایەوە. لێرەدا مەبەست لە قاپۆچی باشی، سکرتێری نوسینگەی مەدحەت پاشا دێت. بۆ زیاتر لەبارەی (**قاپوچی باشی**) بڕوانە:

Abdülkadir Özcan, “ **Kapıcı**” **https://islamansiklopedisi.org.tr/kapici.**
erişim saati: 08.02.2024. saat 11: 58 pm.

[25] BOA. Y.PRK. 59.25.02.

[26] BOA. i. DH. 602. 041931. 002.01. (6 Cemazi-el-aher 1286/31 Ağustos 1285/13 Eylül 1869), Lef 3/1.

[27] BOA. i. DH.602. 041931. 001. 001.

[28] BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

[29] BOA. ŞD.2149. 021.03. (17.Zilhicce.1289- 15.Şubat. 1873).

[30] BOA. HR. MKT. 803. 10. 04.

[31] BOA. ŞD. 2150.53. 04.01.

[32] BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

[33] BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

[٣٤] **د. حەسەن جاف کەریم جاف و تریفە عەبدول سەلام محەمەد عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢-٧٣.**

[35] BOA. HR. MKT. 692. 59.


[٣٦] **مەلا عەبدو رەحیمی تاوگۆزی، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە ولێکۆڵینەوەی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، ٢٠١٥ ، ل ٩٩٠.**

[36] Kurdish nomadic tribes often migrate seasonally between summer and winter pastures to provide their animals with adequate grazing and cope with climatic variations. During the summer, nomadic Kurdish tribes traditionally move to higher elevations or cooler areas with more abundant vegetation for their animals to graze. In contrast, during the winter, these tribes move to lower elevations or warmer areas to protect their livestock from harsh weather conditions. These movements are called Kwestan and Garmian respectively.

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژماره(١)


**دەقی پەیماننامە دوازدە خاڵییەکەی نێوان مەدحەت پاشا و حەمە پاشای جاف**



İ.DH.00602

### پاشکۆی ژماره (٢)

**دەقی نامەی مەدحەت پاشـــا بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مۆری خۆیەوە لەبارەی ناوەڕۆکی پەیماننامە دوازدە خاڵییەکەی لەگەڵ حەمە پاشای جافدا**



İ.DH.00602

# عملية استيطان الجاف في عهد محمد باشا الجاف (١٨٦٩-١٨٨١)
# نظرة ثاقبة من الوثائق الأرشيفية العثمانية

**الملخص:**

كانت قبيلة الجاف عبارة عن قبيلة كبيرة أو اتحاد قبلي كردي كبير. وبسبب طبيعتهم غير المستقرة، فقد هاجروا بشكل متكرر بين العراق ودولة القاجار. وقد شكل ذلك تحديات أمام إجراءات السلطة المركزية، مثل تحصيل الضرائب، والتوظيف، وتنفيذ السلطة المركزية. كانت هذه القضايا معقدة وإشكالية بالنسبة للإمبراطورية العثمانية .بالإضافة إلى ذلك، فإن عبور حدود الإمبراطورية العثمانية خلال الهجرات الموسمية (كرميان وكويستان) إلى الدولة القاجارية غالبا ما تسبب في حدوث مشكلات دبلوماسية كبيرة بين الإمبراطورية العثمانية الدولة القاجارية. ولذلك أصرت السلطات العثمانية في العراق، وخاصة والي بغداد مدحت باشا، على بذل كل الجهود لتوطين الجاف في سهل شهرزور ومنطقة غولعنبر. وتحقيقا لهذه الغاية، وقع في سبتمبر ١٨٦٩ معاهدة من اثنتي عشرة نقطة مع محمد باشا الجاف. الغرض الأساسي من هذه الدراسة هو تحليل الاتفاقية وغيرها من الوثائق غير المنشورة من الأرشيف العثماني فيما يتعلق باستيطان جاف في مقاطعة غولعنبر.

وبشكل عام تهدف الدراسة إلى الإجابة على الأسئلة التالية بناءا على المعلومات الموجودة في الوثائق غير المنشورة من الأرشيف العثماني: ما مكانة قبيلة الجاف في وثائق الأرشيف العثماني؟ ما هو الهدف من مساعي مدحت باشا لتوطين الجاف أثناء توليه منصب والي بغداد؟ "ما هو موقف محمد باشا من عملية استيطان جاف؟ وما هي نتائج عملية استيطان الجاف ومحمد باشا جاف وأسبابها ونتائجها؟ بحثنا سيغطي مجموعة من الأسئلة الأساسية، بما في ذلك تلك المذكورة أعلاه سنقوم بتحليل وتفسير الأرشيف العثماني غير المنشور لحل هذه القضايا الاجتماعية والاقتصادية والإدارية والعسكرية.

**الكلمات الدالة:** *الدولة العثمانية، مدحت باشا، الجاف، عملية الاستيطان، محمد باشا الجاف.*

## The Jaffs' Settlement Process Under the Reign of Hama Pasha Jaff (1869-1881) Insight from Ottoman Archived Duccuments

### Abstract

The Jaffs were a large tribe or a large Kurdish tribal confederation. Due to their unsettled nature, they frequently migrated between Iraq and Iran. This posed challenges to the measures of central authority, such as collecting taxes, recruitment, and implementation of central authority. These issues were complex and problematic for the Ottoman Empire. In addition, crossing the Ottoman Empire's border during the seasonal migrations of Garmian and Kwestan into the Iranian Empire often caused significant diplomatic issues between the Ottoman Empire and the Iranian Empire. Therefore, the Ottoman authorities in Iraq, especially the governor of Baghdad, Mithat Pasha, insisted on making every effort to settle the Jaffs in the Sharazoor plain and Gulanbar district. To this end, in September 1869, he signed a twelve-point treaty with Hama Pasha of Jaff. The primary purpose of this study is to analyze the agreement and other unpublished documents from Ottoman archives regarding the settlement of Jaffs in the Gulanbar district.

In general, the study aims to address the following questions based on the information found in unpublished documents from the Ottoman archives: What is the status of the Jaff tribe in the documents of the Ottoman archives? What was the purpose behind Mithat Pasha's efforts to settle the Jaffs while serving as governor of Baghdad? "What was Hama Pasha's stance on the Jaffa settlement process? What are the results of the settlement process of the Jaffs and Hama Pasha Jaff, as well as their causes and consequences? Our research will cover a range of essential questions, including those mentioned above and others. We will analyze and interpret unpublished Ottoman archives to solve these socio-economic, administrative, and military issues.

**Keywords:** *Ottoman Empire, Mithat Pasha, Jaffs, Settlement Process, Hama Pasha Jaff*